# وشت غمبر صلى الل عل وسلم وو قورئان بوو

له سەعدی کوڕی هیشامی کوڕی عامرەوە دەڵێت: کاتێک چوو بۆ لای عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەی دایکی ئیمانداران هەواڵم پێ بدە سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئایا قورئان دەخوێنیتەوە؟ ووتم: بەڵێ، ووتی: «ڕەوشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو قورئان بوو».

[صەحیحە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش بەوشەیەکی گشتگیر وەڵامی دایەوە، وپرسیارکاری ئاراستە کرد بۆ قورئانی پیرۆز کە کۆی هەموو سیفەت وڕەوشتە جوان وکامڵەکانی تێدا باسکراوە، ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕەوشتەکانی بەپێی ئەو ڕەوشتە جوانانە بوو کە لە قورئاندا باسکراوە، ئەوەی قورئان فەرمانیپێکردووە ؛ جێبەجێیکردووە، وئەوەی قورئان نەهی لێکردووە ؛ لێی دوور کەوتووەتەوە، ڕەوشتی بریتی بوو لە کردەوە کردن بە قورئان وجێبەجێکردنی لەژیانیدا، و وەستان لەسەر سنوور وحەرامکراوەکانی، وهەڵسوکەوت کردن بەپێی ئادابەکانی، ویەند وەرگرتن لە چیرۆک وباسەکانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8265